# ئیعتیاد، دەردی کۆمەڵ

محمد شیناوەیی




اعتیاد گرفتێکی "صعب العلاج" ی کۆمەڵایەتییە کە ژنان و پیاوان وەکوو یەك مەترسیی گیرۆدەبوونیان بەم گرفتە هەیە. کاتێك کە باسی موعتاد دەکرێ، زیاتر بیرمان بۆلای تێوەگلانی پیاو دەچێ، بەڵام کەم نین ئەو ژنانەی کە گیرۆدەی ئەم گرفتەن. زۆربەی ئەو کەسانەی کە مەوادی گێژەمەنی تەزریق دەکەن، "یانی بە دەرزی لە ناو رەگ دەدەن"، ژنانن. سەرجەم ئەو ژنانەی کە گیرۆدەی مەوادی گێژەمەنین، زۆر بە ئاسانی دەکەونە بەر تەجاووزی جنسی و ئیمکانی تووشبوونیان بە نەخۆشیگەلی وایرووسی وەکوو HIV زۆرە. زۆربەی ئەو پیاوانەی موعتادن لەرێگەی سورەنگەوە گیرۆدەی نەخۆشیی وایروسی بوونە و وایروسەکە دەگوازنەوە لای ژنەکانیان و ژنەکانیش بۆ منالەکانیانی دەگوازنەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە موعتادن یان نەخۆشیی وایرووسیان هەیە، مەحاڵە ئەو دەردە کوشندەیە تەنیا لای خۆیان بمێنێتەوە و چەندین کەسی دیکەی پێ گیرۆدە نەکەن. هەرکەس تووشی ئیعتیاد بوو، تازە خاوەن کەسایەتیی خۆی نیە و ناتوانێ نەتەنیا لە کەمکردنەوەی مەسرەفی مەواد، بەڵکوو لە کارەکانی رۆژانەشیدا بڕیار بدا و بڕشتی نامێنێ و لە بەرامبەر حەزی بە مەواد بێدەسەڵات دەبێ. ئەو کاتەی ئیشتیای بۆ مەواد زیاد دەبێ و خوێن داوای لێ دەکا، حازرە لەپێناویدا هەموو کارێك بکا. کارێك کە پێش گیرۆدەبوونی حازر نەبوو بیریشی لێ بکاتەوە.

جا بۆیە ئەمڕۆ دژمنانی کورد ئەم ماددە مەترسیدارە وەکوو چەکێکی بەهێز لەدژی گەلی کورد بەتایبەت لاوان بەکار دەهێنن. خەڵکی پێ تڕۆر دەکەن و بەکۆمەڵ ئەنفالی پێدەکەن. ئەو کارەی دژمن ئەمڕۆ بە ئەنفالی سپی ناسراوە. رێگەیێکی ئاسان و بێمەترسییە بۆ دژمنانی کورد بەتایبەت لەحاست ئەو کەسانەی کە مەترسیی بەرهەڵستکارییان لێ دەکرێ و دژمن واهەست دەکا لەبەرامبەر پێشێلکارییەکانی ئەودا بێدەنگ نابن. لاوان بەبێ چووکترین تاوان راپێچی زیندان دەکرێن و لەوێش ئاسانتر لە ئاوی خواردنەوە ماددەی گێژەمەنیان بۆ فەراهەم دەکرێ. مرۆڤی بەندکراویش چونکە لەباری سایکۆلۆژییەوە لە وەزعیەتێکی خراپدا بەسەر دەبا، زیاتر هان دەدرێ پەنا بۆ ئەو مەوادە بەرێ.

هۆیێکی دیکەی رووتێ‌کردنی کۆمەڵگا لەو مەوادانە، فەقیریە. زۆرێك لە خەڵکی کوردستان لەباری مەعیشەتیەوە لە دۆخێکی خراپ دان و لە هەر رێگەیێکی کە دەیگرنە بەر، ئیمراری مەعاشیان نامومکینە. ناچار لە قەیدی ژیان دەدەن و خۆیان دەدەنە دەستی قەدەر و خۆیان ووتەنی: (هرچە آید خۆش آید) واتە هەرچی دەبێ با ببێ. ئاوا پەنا دەبەنە بەر مەوادی سڕکەر و بەقسەی باویان، ساتێك دوور لە مەینەتیەکانی ژیان دەچنە عالەمی بەرەهوتەوە. بەم چەشنە دەکەونە داوی اعتیاد و تازە نە تەنیا ناتوانن بۆ کۆمەڵگا خێریان هەبێ و لەبیری مەسڵەحەتی کۆمەڵگەدابن، بەڵکوو تازە ناتوانن خۆشیان لەو کۆت و بەندەی کە تێی ئاڵاون، رزگار بکەن. زۆربەی وەڵاتانی دونیا کە رێژەی اعتیادیان تێدا زۆرە، بەچەشنی ساڵانە لە بودجەی دەوڵەت سەرفی بەرگری لە تەشەنەکردنی مەوادی سڕکەر دەکرێ.

بەڵام بەداخەوە لەئێراندا رژیمی ئاخوندیی دەسەڵاتدار بە پێچەوانەی ئیددعای بەرپرسانی وەڵات ساڵانە بودجەیێك لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیمەوە بۆ گیرۆدەکردنی لاوان بەتایبەت لە کوردستان، تەرخان دەکرێ. رژیمی ئاخوندی هەر لە رۆژانی هاتنە سەرکارییەوە بەسیاسەتی هەڵە و دژمنکارانە بەرامبەر بە خەڵك جووڵاوەتەوە و لەئاست ئەو مەوزووعەش بەئەنقەست جڵەو بۆ قاچاغچیان و بازرگانانی ماددەی بێهۆشکەر شل کراوە. هەرچەند وەڵاتی ئێران بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی بەتایبەت هاوسنووری لەگەڵ ئەفغانستان، تا رادەیێکی زۆر لەبەر مەترسیی شاڵاوی اعتیاد دایە، بەڵام کاربەدەستان هیچ کات رێ و شوێنی پیویستیان بۆ بەرگریی ئەو ماددانەیان نەگرتووەتە بەر. هەربۆیەش ئێران زۆرترین رێژەی موعتادانی جیهانی هەیە. لەکاتی بوومەلەرزەکەی شاری "بم" دەرکەوت کە ٢٠٪ی ژنان و پیاوانی ئەو شارە موعتاد بوون، هەربۆیە یەکێك لە گرینگترین پێداویستیەکان کە بۆی رەوانە کرا مەڵحەمی دژە اعتیاد واتە "متادۆن" بوو. کارناسان یەکێك لە هۆ هەرەگرینگەکانی اعتیاد دەگێڕنەوە بۆ فەقیری لە کۆمەڵگەدا. بەپێی ئاماری دکتور عابید فەتاحی ئەندامی کۆمسیۆنی بێهداشت و دەرمانی مەجلیس ئێران، ١١ملیۆن فەقیر لە وەڵاتدا دەژین و زیاتر لە یەك ملیۆن کەسیش برسین. رادەی فەقیری لە ئێراندا زیاتر لە ٢٠ لەسەدە. بەپێی ئاماری بێهداشتی ئێران رادەی موعتادان لە ئێراندا زیاتر لە ٣,٨٠٠,٠٠٠ کەسە. بەڵام رۆژنامەی جمهوری ئیسلامی رێژەی موعتادانی ئێران بە زیاتر لەوە دەزانێ و موعتادانی ئێران بە ٧ملیۆن کەس دەخەملێنی. هەر ئەو رۆژنامە دەڵێ ٣٦٪ی موعتادانی ئێران ژنانن. رادەی زیادکردنی موعتادان لە ئێران لە ٢ ساڵی رابردوودا هی ژنان ٢ بەرابەری پیاوان زیاتر بووە.

ئەحمەدی کاوەند، دەبیری رێکخەری موبارەزە لەگەڵ مەوادی گێژەمەنی دەڵێ: ئاماری موعتادان لە ئێران زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەسە. هەروەها دەڵێ لەئێران ١٧٠٠جۆر ماددەی سڕکەری شیمیایی لە بازاڕەکانی ئێراندا هەیە. هەروەها دەڵێ ٧٠٪ی موعتادانی ئێران تەمەنیان لە بەینی ٢٠ تا ٤٠ ساڵدایە. ٧٠٪ تریاك دەکێشن، ٢٥٪ هێرۆئین، ٢٠٪حەشیش و ١٥٪یش مەوادی LCD، کۆکائین، اکستازی، کریستاڵ و شوشە مەسرەف دەکەن. تەمەنی دەست پێ‌کردن لە ٧ ساڵەیی تا ٧١ ساڵانە. زۆرترین رێژەی موعتادانی ئێران کرێکارانن و ٢٠٪ موعتادانی ئێرانیش بێکارن. زیانی کۆمەڵایەتی لە ئێران ٥٠٪ هی موعتادیە.








# ساتێکیش بۆ مەستیی گاجووتەکان

م.لاجانی

رژیمی ئاخوندی بەڕێبەریی خومەینی، لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هەوڵیدا لە هەستی مەزهەبیی خەڵك بە قازانجی پێ‌گرتنی خۆی کەڵك وەربگرێ و بوونی خۆی بسەپێنێ. ئەو رژیمە بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەستی زۆرینەی خەڵك کەڵك وەربگرێ، شتێکی سرووشتی بوو کە پشت بە هەستی مەزهەبیی خەڵك ببەستێ، چونکە دانیشتوانی ئێران زیاتر لە ٩٨٪ی موسوڵمانن و زۆرینەیان شیعەن. ئەگینا ئێستاش زۆرێك لە لێکۆڵەرەوانی دینی ـ بە شیعە و سوونیەوە ـ گومانیان لەوە هەیە کە خومەینی تەنانەت بڕواشی بە ئیسلام بووبێ. بەتایبەت کە دەگوترێ خومەینی غەیرە ئێرانی بووە و باو و باپیری هەر موسوڵمانیش نەبوون. خومەینی بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینی خەڵك توانی هەر زوو بە بەشێکی زۆر لە مەرامە چەپەڵەکانی خۆی بگات و هەرچی پێی خۆش بوو شەرعیەتی پێدا و هەرچی بەپێویستی زانی بەناوی دینەوە کوشتی و لەسەر رێگەی خۆی لای برد. ئایا ئەگەر بەناوی دین و موبارەزە لەگەڵ کوفرەوە نەبوایە دەیتوانی ئاوا بە سووك و ئاسان فەرمانی جیهاد لەدژی خەڵکی موسوڵمانی کورد دەر بکات؟ خومەینی و داروودەستەکەی ئامانجی خۆیان پێکا و بەکەڵك وەرگرتن لە هەستی خەڵکی ساویلکە، چۆنی بۆیان لوا، لەگەڵ نەیارانیان رەفتار کرد. چۆنی پێیان خۆش بوو رەوایان ناڕەوا کرد و ناڕەوایان رەوا کرد. خومەینی توانی رێبازێك بۆخۆی دیاری بکا و کەسانێك کە وەك خۆی بیر دەکەنەوە، بکات بە مریدی خۆی لە ژێر ناوی "پەیرەوانی خەتی ئیمام"، کە ئەو ئەحمەدی نژادەی ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەیبینین لەو بەهاربەندەیە هەوساری پساندووە. خومەینی نیهادێکی بەناوی سوپای پاسداران پێك هێنا کە مێژوو تابەئەمڕۆ دامەزراوەی ئەوشێوە سەرکوتگەری بەخۆوە نەبینیوە. سوپای پاسداران لەلاییێك بۆ سەرکوتی خەڵك و ناڕازیان و لەلاییێکی دیکەشەوە صدوری ئینقلاب پێك هات. ئەم سوپایە بە هەموو ئۆرگانەکانیەوە دەستیان کرد بە کرداری دڕندانە و جینایەت خوڵقاندن دژبە خەڵك. هیچ ئەندامێکی سوپای پاسداران رۆژێك لە رۆژان بەهۆی تاوان دژبەخەڵك نەکێشرایە بەر مێزی موحاکەمە و کەس پێی نەگوتن لە پشتی چاوتان برۆیە. ئەرکی سەرەکیی شەڕ لەبەرانبەر نەیارانی ناوخۆی وەڵات و دیفاع لە نیزام بوو، بەڵام ئێستا ئەرکی سوپا گۆڕاوە. ئێستا سوپا دەست لە کاروباری وەڵاتان وەردەدا و گەورەترین ئەرکی بووەتە شەڕ لەگەڵ دیموکراسی. تەنانەت رەحم بە وەڵاتانی شیعەش ناکەن، هەر جێگایەك کە مەترسیی بە دیموکراتیزە بوونی هەبێ، ئەوا سوپای پاسدارانیشی لێیە و خەریکی تێکدانە لە هەر بارێك کە بۆی بگونجێ. بۆ وێنە وەڵاتی ئازەربایجان.

باسکردن لە نگریسیی سوپای پاسداران لە توانای نووسینی هەر قەڵەمێکدا نیە، ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئیشارەی بۆ بکەین، باس لە پلانەکانی ئەو دواییانەی سوپای پاسدارانە لە کوردستاندا. ئۆرگانی بەسیج، هەرچەند دەبێ لە سوپای پاسداران فەرمان وەربگرێ، بەڵام لەحاست خەیانەت بە خەڵکی کورد کەی پێویستیی بە ئیجازە هەیە؟ یان باشترە بڵێین "بدی و پرسش؟" بەو دواییانە بەسیج بە هاوکاریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران دەستیان کردووە بە هەڵکۆڵینی ئەو جێگایانەی کە گومانیان لێ دەکرێ ئاسەواری مێژوویان تێدابێ و لە چەندین جێگەی کوردستان ئاسەواری ئیجگار بەنرخیان بە تالان بردووە. بە رۆژی رووناك و بە بەرچاوی خەڵکەوە ئاسەوارە مێژووییەکان هەڵدەدەنەوە، بۆ چما کەس هەیە سەری دڵی هەڵباوێ و بڵێ ئەوە خەریکی چین، تەنانەت ئیدارەی بەرگری لە ئاسەواری مێژووییش؟

ئیدارەی ئیتلاعات لە پلانێکی دیکەدا، ئەوجار رووی کردووەتە "معتمدین"ی دێهات یان گەڕەکەکان لە کوردستان بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی. ئیدارەی ئیتلاعات دەیهەوێ بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینیی خەڵك سەرنجی مامۆستایانی ئایینی بۆلای خۆی رابکێشێ. رێکخراوێکیان دامەزراندووە بەناوی "مجاهدین گمنام"، ئەو رێکخراوە بەشێوەیێکی زۆر نهێنی لە کوردستان دەستی بەکار کردووە. ئەندامانی ئەم رێکخراوە لە هەر گەڕەك یان دێهاتێك نابێ لە ٣ کەس کەمتر بێ. کەسێکی موعتەمەد و دوو کەس لە ئەرازل و ئەوباشی گەڕەك یان دێهاتەکە. ئەرکی ئەو دووکەسە ئەوباشە ئەویە کە چییان پێ خۆشە لە ناو کۆمەڵگەدا بیکەن و ئازادن هەرچی کاری نەشیاوە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەرازل و ئەوباشی ناوچە شناسایی بکەن و سەر لە کارەکانیان دەربێنن. ئەو دوو کەسە دەبێ حەفتانە راپۆرتی کارەکانیان بدەنەوە بە موعتەمەد و ئەویش بیداتەوە بەئیدارەی ئیتلاعاتی شارستان. هەروەها بۆ پەلکێش کردنی مامۆستایانی ئایینی کوردستان، رژیم بڕوانامەی ئایینی دەدا بە مامۆستایانی کورد بە مەرجی ئیقرارکردنیان بە ویلایەتی فەقیه.

ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیم دەیهەوێ بەو کارەی لەلاییێك مامۆستایانی ئایینی بۆلای خۆی رابکێشێ و لەلاییێکی دیکەشەوە بە هەل رەخساندن و مەجال پێدانی کەسانی ناباب و، مەشروعیەت دان بەوکارەیان لەژێرناوی "مجاهدین گمنام"، موجاهیدەتی ویلایەتی فەقیهی بە خەڵکی بێبڕوا و "ضعیف النفس"یش بکات.

هیچ سەیر نیە بەرەڵڵایی و بێبەندوباریش لەناو رژیمی ئاخوندیدا بە جیهاد حیساب بکرێ. رژیمێك کە بناغەدانەری کەسێك بەناوی خومەینی بووبێ، زیاتر لەوە چاوەڕوانیی لێ ناکرێ. ئەو خومەینییەی سیغە (موتعە) لەگەڵ منداڵی شیرەخۆرە (بەمەرجی...) بەکارێکی حەڵاڵ دەزانێ و خۆی کە بەووتەی یەکێك لە شاگردەکانی نزیك لەخۆی، لانیکەم ئەنجامدەری سیغە لەگەڵ منداڵێکی تەمەن ٥ ساڵە بووە، دەبێ شاگردان و رێڕەوانی چون بن؟

"کتێبی خومەینی: تحریرالوسیلە بەرگی٢ ـ ل٢١٤، پرسیاری ژمارە ١٢"